عابد خالد رسول


# بەشداریکردنی سیاسی


ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١



بەشداریکردنی سیاسی

عابد خالد رسول

بلأوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

(١٥٣٨) ساڵی ٢٠١١

لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تایپ: شانیا یوسف

تیراژ: (٤٠٠٠)

ژمارەی زنجیرە: (٢٠)

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# بەشداریکردنی سیاسی

بەشداریکردنی سیاسی یەکێکە لە ڕایەڵە سەرەکیەکانی گەشەپێدانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، هاوکات مەرجێکی سەرەکی پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی ئەم وڵاتانەیە. هەرچەندە بایەخپێدانی تیۆریی لەلایەن زانایان و توێژەرانی کۆمەڵناسی سیاسی بە (بەشداریکردنی سیاسی) و بنەماکانیو ڕەهەندو شێوازەکانیو ئاستەنگو پاڵنەرەکانی، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم. بەڵام لەئێستادا، کە سەرەتای سەدەی بیستو یەکەمە، گرنگیدان بەم بابەتە سەرلەنوێ لەبرەوسەندنێکی بەرچاودایە و زۆرێک لە زانایان و توێژەرانی سەرقاڵکردووەتەوە.



ئەمەش هەم بەهۆی دابەزینی ئاستی بەشداریکردنی سیاسی هاوڵاتیان لەزۆربەی وڵاتانی جیهانداو تەنانەت لەوڵاتە پیشەسازیو دیموکراسیەکانیشدا، هەم بەهۆی دورخستنەوە یان بێبەشکردنی هەندێك لەپێکهاتەو توێژە کۆمەڵایەتیەکانی وەك: کەمینەکان و ژنان و گەنجان، لەهەلی بەشداریکردنی سیاسی، لەزۆربەی وڵاتانی تازە پێگەشتوودا. لەکاتێکدا کە بەپێی هەندێك لە گریمانە زانستیەکانی سەدەی ڕابردوو، دەبوو زیادبوونی هەلی خوێندنو کارکردنو پەرەسەندنی بونیادە کەلتوریو کۆمەڵایەتیو ئابووریەکان، ببێتە هۆکاری زیادبوونی بەشداریکردنی سیاسی هاوڵاتیانو زیادکرنی خواستەکانی بەشداریکردنیان لەدروستکردنی بڕیارە سیاسیو حکومیەکاندا، بەڵام ئەوەی لەئێستادا تێبینی دەکرێت تەواو پێچەوانەی ئەم گریمانەیەیە. ئەمەش بووەتە گرفتێکی گەورە لەڕەوشی بەدیموکراتیکردن لەزۆربەی وڵاتانداو بەڵکو بووەتە گرفتی لەدەستدانی شەرعیەتی

زۆرێك لەحكومەتەكان و برەوسەندنی توندوتیژی و نائارامیەكی سیاسی گەورە.

لەبەرامبەر هەموو ئەم گرفتانەشدا گەلێك پرسیار لەسەر ئەم دۆخە هەیە: ئایا گرفتی دابەزینی بەشداریكردنی سیاسی وەك دیاردەیەكی جیهانی هۆكاری چیە؟ خۆ ئەگەر لەولاَتانی جیهانی سێدا هۆكارەكەی بریتی بێت لەشكستی بونیادنانی دەولەتی نەتەوەیی‌و شكستی پرۆژەكانی گەشەپێدانی سیاسی‌و نوێگەری، ئەوا لەولاَتە پیشەسازی و پێشكەوتووەكاندا هۆكارەكەی چیە؟ كاتێك بزانین ئەم دەولەتانە لە لوتكەی گەشەكردنی ئابوری‌و كۆمەلاَیەتی‌و سیاسیدان. ڕەنگە لێرەدا نەتوانین بەتەواوی باسی هۆكارە كەلتوری و كۆمەلاَیەتی و ئابوری و سیاسیەكانی ئەم گرفتە جیهانیەی بەشداریكردنی سیاسی بكەین و لێكدانەوەیەكی تەواو سۆسیۆ– پۆلەتیكیانەی بۆبكەین، لەوانەیە لە



شوێنێكیتردا باسی ئەوە بكەین. بەلاَم لیرەدا هەولَدەدەین بزانین بەشداریكردنی سیاسی چیە؟ ڕەهەندە تیۆرییەكانی چیە؟ شێواز و پالَنەرەكانی چیە؟

## أـ چەمكی بەشداریكردنی سیاسی:

چەمكی (بەشداریكردنی سیاسی) زاراوەیەكی ئاوێتەیەو لەهەردوو وشەی (بەشداریكردن) و (سیاسی) پێكهاتووە. هەرچی وشەی (بەشداریكردن)ە لەزمانی كوردیدا، هاوتای وشەی (المشاركة)ی عەرەبی و (Participation)ی ئینگلیزیە. كە لەلایەك ئاماژەیە بۆ بەشی كەسێك لەشتێكدا، لەلایەكیتر ئاماژەیە بۆ هاوكاریكردنی كەسانی دی لەكارێكدا (واتا ئاماژەیە بۆ كارێكی بەكۆمەل)، هەروەها ئاماژەیشە بۆ دەستپێشخەری ئەنجامدانی كارێك بە شێوەیەكی خۆبەخشانەو بەبێ هیچ زۆر لێكردنێك. بەلاَم كاتێ وشەی

(سیاسی) دەکرێتە پاشگری وشەی (بەشداریکردن)، ئەو کاتە ئاماژەیە بۆ دەستپێشخەرییەکی خۆبەخشانە و هاریکاریکردنی ئەوانی دی لە هەر کاروبارێکی سیاسیدا.

بەڵام لای زانا سیاسیەکان، ئەم دەستنیشانکردنە زمانەوانیە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی (بەشداریکردنی سیاسی) بەس نیە، بۆیە لەم بوارەدا چەند پێناسەیەکی زۆر بۆ ئەم چەمکە کراوە، بەم شێوەیە:

١) بەبڕوای (گابرێل ئەڵموند):"بەشداریکردنی سیاسی، ئاماژەیە بۆ بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان لەژیانی سیاسیدا". هاوڕا لەگەڵ ئەم پێناسەیە بەبڕوای (لۆسیان بای) بەشداریکردنی سیاسی بریتیە لە:"بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆری تاکەکەس و گروپەکان لە ژیانی سیاسیدا".



٢) بەبڕوای (فیلیپ برۆ):"بەشداریکردنی سیاسی بریتیە لە سەرجەم ئەو چالاکیە دەستە جەمعییانەی کە هاوڵاتیان ئەنجامی دەدەن و دەشێ بەم چالاکیانەش کاریگەرییەکیان لەسەر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی سیستەمی سیاسی هەبێ".

٣) بەبڕوای (د.عبدالهادی الجواهیری):"بەشداریکردنی سیاسی هەموو ئەو چالاکیە سیاسیانەیە کە لە ڕیگایانەوە هاوڵاتیان فەرمانڕەوا و نوێنەرەکانیان هەڵدەبژێرن، هەروەها لەڕێگای ئەو چالاکیانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە داڕشتنی بڕیار و سیاسەتە گشتیەکاندا بەشدار دەبن".

٤) بەڕای (ساموئیل هانتیگتۆن و جۆن نیلسۆن) یش:"بەشداریکردنی سیاسی ئەو چالاکیەیە کە هاوڵاتیانی ئاسایی ئەنجامی ئەدەن بەمەبەستی

كاركردنه سەر پرۆسەی دروستكردنی بڕیارە حكومیەكان و جێبەجێكردنیان، جا ئەم چالاكیە تاكەكەسی بێت یان دەستەجەمعی، ڕێكخراو بێت یان هەڕەمەكی، بەردەوام بێت یان پچڕ پچڕ، ئاشتیانە بێت یان توندوتیژی ئامێز، شەرعی بێت یان ناشەرعی، كارابێت یان ناكارا".

٥) بەڕای (د.جلال عبدالله معوض)یش:"بەشداریكردنی سیاسی بەواتا هەرە فراوانەكەی بریتیە لە مافی هەر هاوڵاتیەك لە ئەنجامدانی ڕۆڵێكی دیاریكراو لەدروستكردنی بڕیارە سیاسیەكاندا، بەڵام بەواتا هەرە بەرتەسكەكەی بریتیە لە مافی ئەو هاوڵاتیە لە چاودێریكردن و هەڵسەنگاندنی چۆنێتی جێبەجێكردنی بڕیارەكان دوای دروستكردنیان".

لەم پێناسانەدا، دەبینین چەمكی (بەشداریكردنی سیاسی) گەلێك واتای جیاواز لەخۆ دەگرێت:



- لای هەندێك بەشداریكردنی سیاسی چالاكیەكی بەكۆمەڵە و هاوڵاتیان پێكەوە ئەنجامی دەدەن.
- لای هەندێكیتر دەستپێشخەرییە تاكەكەسیەكانیش لە خۆدەگرێت.
- لای هەندێك بەشداریكردنی سیاسی كاریگەری لەسەر كاروبارەكانی سیستەمی سیاسی هەیە.
- لای هەندێكیتر دەكرێت كاریگەری لەسەر بەڕێوەچوونی سەرجەم ژیانی سیاسی هەبێت.
- لای هەندێك بەشداریكردنی سیاسی ئەو چالاكیانەیە كە هاوڵاتیان بۆ هەڵبژاردنی فەرمانڕەواكان و كاركردنەسەر بڕیارەكانیان ئەنجامی ئەدەن.
- لای هەندێكیتر تەنیا ئەو چالاكیانەیە كە دەكرێ كاریگەری لەسەر دروستكردنی بڕیارە حكومیەكان و چاودێریكردنی چۆنێتی جێبەجێكردنی ئەو بڕیارانە هەبێت.

بەڵام ئەوەی لە هەموو ئەم پێناسانەدا بەئاشكرا جەختی لەسەر دەكرێت بریتییە لە بوونی ڕۆڵی (هاووڵاتی– المواطن– Citizen)، وەك ئەنجامدەری چالاكی بەشداریكردنی سیاسی. بۆیە بەڕای هەندێك چەمكی (بەشداریكردنی سیاسی) تەواو پەیوەستە بە چەمكی (هاوڵاتیبوون – المواطنة – Citizenship)ەوە. لەبەرئەمەش (بەشداریكردنی سیاسی) دەكرێت سەرجەم ئەو چالاكیانە بێت كە تاكەكەسێك بەتەنیا یان لەگەڵ كەسانیتردا بە سیفەتی (هاوڵاتیبوون) ئەنجامی دەدات، هەر لە فێربوونی زانیارییەكی سەرەتایی لەسەر ژیانی سیاسی وڵات و وەرگرتنی پۆستێكی كارگێڕییەوە تا دروستكردن و جێبەجێكردنی بڕیارەكان و دەستنیشانكردن و گۆڕینی فەرمانڕەواكانیش.



لەچوارچێوەی ئەم پەیوەستبوونەی نێوان (هاوڵاتیبوون) و (بەشداریكردنی سیاسی) یشدا، (فیلیپ بڕۆ) ئاماژە بۆئەوە دەكات كە زۆربەی كات، بۆ دەستنیشانكردنی ناوەڕۆكی چەمكی (هاوڵاتیبوون) پەنا بۆ بیرۆكەی (بەشداریكردنی سیاسی) دەبرێت، ئەمەش لەم سێ ئاستەدا ڕەنگیداوەتەوە:

- **ئاستێكی مێژوویی**: كە لەتیۆرە سیاسیە كۆن و نوێیەكاندا ڕەنگیداوەتەوە، وەك بیرۆكەی "فەزیڵەی مەدەنی" لای یۆنانیەكان و بیرۆكەی "پیادەكردنی ئیرادەی گشتی" لای (جان جاك ڕۆسۆ). بەپێی ئەم بیرۆكانەش هاوڵاتیبوون بریتیە لە:"پێویستی پابەندبونێكی چالاكانە بە بەشداریكردن لە كاروبارە گشتیەكاندا".
- **ئاستێكی یاسایی**: كە بەپێی كلێشە دەستوریەكان لە لیستی مافە سیاسیەكانی هاوڵاتیاندا ڕەنگیداوەتەوە،

وەك: مافی دەنگدان، مافی خۆپاڵاوتن، مافی گرتنەدەستی پۆستە سیاسی و کارگێڕییەکان. هەموو ئەم مافانەش لەلایەك بنەمای یاسایی بەشداریکردنی سیاسی هاوڵاتیانە و لەلایەکیتریش پێوەری جیاکرنەوەی (هاوڵاتی)یە لە(بیانی)، چونکە تەنیا هاوڵاتیان دەتوانن بەتەواوی لەپیادەکردنی ئەم مافانە بەهرەمەند بن.

- **ئاستێکی کەلتوری**: کە لە بەها و نەریتەکانی وێناکردنی (هاوڵاتییەکی باش ـ مواطن صالح)دا لەلای هەر تاکێکی کۆمەڵ ڕەنگیداوەتەوە، ئەو بەهاو نەریتانەش بریتین لە سەیرکرنی هاوڵاتیبوون وەك: ئەرکێکی ڕەوشتی، هەستکردن بە هاوسۆزی نیشتمانی، پابەندبوون بە بەشداریکردنی چالاکانە لە کاروبارە گشتیەکانی کۆمەڵدا.

کەواتە بە ڕەچاوکردنی هەریەك لەو ئاستانەی سەرەوە، بەشداریکردنی سیاسی بەرهەمی سەرەکی



بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی هاوڵاتیبوونە. بەڵام ئەمە تەنیا دیوێکی چەمکی بەشداریکردنی سیاسیە، کاتێك بزانین دیوەکەی تری پەیوەستە بە چەمکێکی ترەوە کە ئەویش چەمکی (دیموکراسی) یە. لەبەرئەوەی دیموکراسی، لەسەر بنەمای (فەرمانڕەوایی گەل، لەڕێگای گەلەوە و لەپێناو گەلدا)، دەکرێت تەنیا ئەوکاتە واتای تەواوی خۆی وەربگرێت، کە هاوڵاتیان (گەلی سیاسی)، بەشداریبکەن لەهەڵبژاردنی فەرمانڕەواکان (بە: دەنگدان و خۆپاڵاوتن)، هەروەها بەشدارییەکی چالاکانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش بکەن لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت و بڕیارە حکومیەکان و چاودێریکردنی چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و بڕیارانەش (بە: گرتنەدەستی پۆستەکان و ڕادەربڕین و دروستکردنی پارت و کۆمەڵە و گروپەکانی فشار).

بەپێ ئەم لێکدانەوانەی سەرەوە، دەکرێت بڵێین چەمکی (بەشداریکردنی سیاسی) ناوەندی گواستنەوەی چەمکی (هاوڵاتیبوون)ە وەك کۆمەڵێك بنەمای تیۆری، بۆ چەمکی (دیموکراسی) وەك کۆمەڵێك ئامرازی کرداری. ئەمەش هەم بەو دیوەدا کە بەشداریکردنی سیاسی ئامرازی هاوڵاتیانە بۆ هەڵبژاردنی کاراکتەرەکانی فەرمانڕەواییکردن (پەرلەمان و حکومەت) لەسیستەمێکی دیموکراسیدا، هەم بەو دیوەشدا کە بەشداریکردنی سیاسی ئامرازی ئامادەبوونی دیموکراسیانەی هاوڵاتیانە لە دروستکردن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بڕیارە حکومیەکاندا.



### ب ـ پەرەسەندنی بیرۆکەی بەشداریکردنی سیاسی و ئاستەکانی:

بەبڕوای هەندێك، بەر لەقسەکردن لەچۆنێتی پەرسەندنی بیرۆکەی بەشداریکردنی سیاسی، پێویستە دوو ئاست لەبەشداریکردنی سیاسی، لێك جیا بکەینەوە، بەم شێوەیە:

- **بەشداریکردنی سیاسی ڕەسمی**: بریتیە لەو چالاکیو بەشداریکردنە سیاسیەی کە فەرمانڕەوا و خاوەن پۆستو کارمەندە ڕەسمیەکان لەکۆمەڵدا ئەنجامی ئەدەن، هەم بۆ پارستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان و هەم بەمەبەستی زامنکردنی بەردەوامیو دابینکردنی سەقامگیریش بۆ ئەو سیستەمە سیاسیەی کە ئەوان تیایدا باڵادەستن. لەم چالاکیو کارانەشدا ڕوبەڕوی بەرپەرچدانەوەو ناکۆکی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندی ئەندامانیتری کۆمەڵ دەبنەوە، هەموو

ئەمەش دەبێتە بزوێنەری حاڵەتی ململانێ و نائارامی لە سیستەمە سیاسیەکەدا.

- **بەشداریکردنی سیاسی ناڕەسمی**: بریتیە لەو چالاکی و بەشداریکردنە سیاسیەی کە ئەندامانیتری کۆمەڵگە لەدەرەوەی فەرمانڕەواکان ئەنجامی ئەدەن، هەم بۆ دەربڕینی داواکاریەکانیان و هەم بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاریش لە پێگەی فەرمانڕەواکان و ناوەڕۆکی بڕیارەکانیشیان، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ هێنانەدی پێداویستی و بەرژەوەندیەکانیاندا دەگونجێ. بۆیە سەرجەم ئەو چالاکیانە کە پارتە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەکان و کۆمەڵە پیشەیی و ناحکومیەکان و گروپەکانی فشار و هاولاتیانی ئاسایی بەدەنگدان و ڕادەربڕین و مانگرتن و خۆپیشاندان و سکالاکردن ئەنجامیان ئەدەن، بە بەشداریکردنی سیاسی ناڕەسمی لەقەڵەم دەدرێن.



لەڕاستیشدا، پەرەسەندنی مێژویی بیرۆکەی بەشداریکردنی سیاسی، بریتیە لە مێژووی فراوانبونی بەشداریکردنی سیاسی لەئاستە ڕەسمیەکەیەوە بۆ ئاستە ناڕەسمیەکەی. لەم چوارچێوەیەشدا دەبینین سەرەتا لەکۆمەڵگا نەریتی و دەرەبەگایەتیەکاندا، بەشداریکردنی سیاسی تەنیا مافی کەمینەیەك لە پیاوانی ئاینی و پیاوماقوڵان و نەوەی خانەوادە پایەدارەکان بووە، بۆیە فەرمانڕەوایانی ئەو کۆمەڵگایانەش هەر لەو کەسانەبوون و بڕیارەکانیشیان هەر بۆ بەرژەوەند و مانەوەی دەسەلاتی ئەو کەمینانە بووە. هاوکات زۆرینە خەڵك هەم لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکان و هەم لە سودی بڕیارەکانیشیان بێبەش بوون، تەنیا ئەوە نەبێت کە جارجارێك بەشێوەیەکی پچڕپچڕ ڕۆڵێکی لاوەکیان بینیوە، وەك: یاخیبوونی جوتیاران لە گوندەکاندا و مانگرتنی هەندێك لە توێژە نیشتەجێکانی شار. بەڵام ئەم چالاکیانە هەرگیز نەگەیشتوونەتە ئاستی لەقکردنی

شەرعیەتی ڕژێمە سیاسیە فەرمانڕەواکانی ئەوسا، بەڵکو تەنیا لە ئاستی گۆڕینی بەرپرسێك لێرەو لەوێ یان کەمێك سوککردنی کاتیانەی ئەو ستەمکاریانەی کە خەڵکی دوچاریان هاتوون، تێنەپەڕیوە.

بەڵام دواتر، بەتایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی سەردەمی ڕێنسانس و ئەوجا لەدوای برەوسەندنی بزوتنەوە فیکریەکان و ڕودانی شۆڕشە سیاسیە گەورەکان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا، وەك: شۆڕشی ئینگلیزی ١٦٨٨، شۆڕشی ئەمریکی ١٧٧٤ و شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، بەشداریکردنی سیاسیش ڕوی لەزیادبوون کرد و پێ بەپێی شۆڕشی پیشەسازی لەسەدەی (١٨) و (١٩) گەیشتە ئەوپەڕی فراوانبوون. کاتێك زۆربەی هاوڵاتیان لە بەخشین و سەندنەوەی شەرعیەتی حکومەتەکان و هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکان و ڕەوشی دروستکردن و



جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا ڕۆڵێکی زیاتر کاریگەریان وەرگرت.

لەم چوارچێوەیەشدا، بۆ زیاتر ڕاڤەکردنی دیاردەی بەرفراوانبونی سنوری بەشداریکردنی سیاسی، هەندێك لە توێژەران ئاماژە بۆ چەند هۆکارێك دەکەن:

١) گۆڕانی ئابوری خۆبژێوی بۆ ئابوری دراو، بێگومان پیشەسازیکردنی ئابوری (تصنیع الاقتصاد) و گەشەکردنی شارەکان و زیادکردنی خوێندەواران، بوونە هۆکاری خولقاندنی ژمارەیەکی زۆر لەهێز و کاراکتەری کۆمەڵایەتی نوێ وەك: (کرێکاران، بازرگانان، خاوەن پیشە ئازادەکان، ژنان و گەنجانی خوێندەوار) کە هەمووشیان خوازیاری بەشداریکردنی زیاتربوون لە ژیانی سیاسیدا.

٢) برەوسەندنی بەرگری ڕۆشنبیران و نوسەران و ڕۆژنامەنووسان لە بەهاکانی ئازادی و یەکسانی و بەرژەوەندی گشتی، کە بووە بزوێنەرێکی بەهێزی داخوازیەکانی بەشداریکردن. هاوکات بەرەو پێشچوونی هۆکارەکانی گواستنەوە و گەیاندن ئامرازێکی یاریدەدەری سەرەکی بوون بۆ خێراتر بڵابونەوەی هزرە نوێیەکانی دیموکراسی و بەشداریکردن لە جیهاندا.

٣) ململانێی سەرکردە و هێزە سیاسیەکان لەسەر دەسەڵات، هۆکارێکی سەرەکی ناچاربوونی ئەم هێزانەبوو، تا لەپێناو سەرکەوتنیان لە ململانێکاندا، کار بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی خەڵك بکەن، ئەمەش بنچینەیەکی گرنگی پەرەپێدانی بیرۆکەی بەشداریکردنی جەماوەر بوو لە سیاسەتدا.

سەرباری هەموو ئەم هۆکارانەش،پەرەسەندنی چەمکی دەوڵەتی پاسەوان بۆ دەوڵەتی تەدەخول، بە واتای



تێوەگلانی زیاتری حکومەت لە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان بۆ دابینکرنی پێداویستیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان، هۆکارێکی هەرە بنەڕەتی فراوانبوونی دیاردەی بەشداریکردنی سیاسی بوو. چونکە بەبێ بوونی جۆرێك لە بەشداریکردنی سیاسی و چەسپاندنی وەك مافێکی سەرەکی هاوڵاتیان، ڕەنگە ئەم زیاد تەدەخولکردنەی دەوڵەت، لەلایەك ببێتە مایەی زیاتر باڵادەست بوونی حکومەت بەسەر هاوڵاتیاندا، لەلایەکیتریش بنچینەیەك بێت بۆ بەکارهێنانی بڕیار و سیاسەتە حکومیەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی یەك چین و گروپی دیاریکراو. بۆیە بەڕای هەندێك لە توێژەران لە ئێستادا یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی پەرەسەندنی داخوازی فراوانکردن و پاراستنی مافی بەشداریکردنی سیاسی لە ئاستی دەستوری و یاساییدا و دابینکردنی گرەنتیە سیاسیەکانیشی لە ئاستی واقعی کرداریدا، بریتیە لە

زیادبوونی ڕۆڵی حکومەت لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوڵاتیاندا.

گەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە سەرچاوەی پەرەسەندنی بەشداریکردنی سیاسی بووبێ، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بەتایبەتیش بەدرێژایی هەردوو سەدەی ڕابردوو، ئەوا لە وڵاتانی جیهانی سێدا داخوازی بەشداریکردنی سیاسی بووەتە بنچینەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی شەرعیەتی حکومەت و کاریگەری بڕیارەکانیشی. ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەم وڵاتانەدا و زیادبوونی پێداویستیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی هاوڵاتیان (نیشتەجێکردن، تەندروستی، بیمەی کۆمەڵایەتی و بێکاری) و فراوانبونی ئەو توێژ و چینە نوێیانەی کە خوازیاری پێگەیەکی سیاسی زیاترن لە بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسیدا.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم گریمانە و پەرەسەندنە مێژوویانەی سەرەوەشدا، دەبینین بەشداریکردنی سیاسی



هاوڵاتیان لە ژیانی سیاسیدا، لەشوێنێك بۆ شوێنێك بەپێی جۆری سیستەمی سیاسیو بەپێی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەروڵاتێك، دەگۆڕێت. ڕەنگە هەموو ئەم گریمانانەش زیاتر قابیلی سەلماندن بن، کاتێ باسی شێوازەکانی بەشداریکردنی سیاسیو پاڵنەرو ئاستەنگەکانی دەکەین.

## ج ـ شێوازەکانی بەشداریکردنی سیاسی:

گەر بەشداریکردنی سیاسی بە پێناسە باوەکەی بریتی بێت لەو "چالاکیە خۆبەخشی و ئیرادیەی کە هاوڵاتیان ئەنجامی ئەدەن بەمەبەستی کاریگەریکردنە سەر چۆنێتی هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکانیان، هەروەها بەمەبەستی کاریگەریکردنە سەر چۆنێتی دروستکردنی سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەت و چاودێریکردنی جێبەجێکردنیان، جا ئەو چالاکیە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ". ئەوا

بەپێی ئەم پێناسەیە دەتوانین گرنگترین شێوازەکانی بەشداریکردنی سیاسی بۆ دوو دەستە پۆلێن بکەین:

١) **<u>شێوازە تەقلیدیەکان</u>**: کە دابەشدەکرێن بۆ دوو جۆر:

أ) شێوازە تەقلیدیە ڕاستەوخۆکان: ئەو شێوازانەن کە تیایدا هاولاّتیان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ دەبینن لە پرۆسەی ئالوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەلاّت و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بەرنامەکانی حکومەت و تەنانەت لە خودی حکومەتیشدا. ئەو شێوازانەش بریتین لە: (هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆپالاّوتن بۆ پۆستە سیاسی و کارگێڕیە بالاّکان و گرتنەدەستی ئەو پۆستانەش).

ب) شێوازە تەقلیدیە ناڕاستەوخۆکان: ئەو شێوازانەن کە تیایدا هاولاّتیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگای کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە حکومیەکان و جێبەجێکردنیان، ڕۆڵیان دەبێت. ئەو



شێوازانەش بریتین لە: (چالاکیەکانی ڕادەربڕین و دروستکردنی سەندیکا و پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوە ناحکومی و دامەزراوە مەدەنی و پیشەییەکان و ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ئاشتیانە و مانگرتن و کۆبونەوە گشتیەکان).

٢) **<u>شێوازە ناتەقلیدیەکان</u>**: کە ئەمانیش دابەشدەکرێن بۆ دوو جۆر:

أ) شێوازە ناتەقلیدیە یاساییەکان: وەك سکالاّکردن لە دژی بەرپرسان و کاربەدەستانی دەوڵەت.

ب) شێوازە ناتەقلیدیە نایاساییەکان: کە هەمیشە جۆرێك لە بەکارهێنانی توندوتیژی لەخۆدەگرن و زۆربەی کاتیش بەهۆی نەبوونی یان بەهۆی ناکاریگەری شێوازە تەقلیدی و ناتەقلیدیە یاساییەکانەوە، هاولاّتیان پەنا بۆ بەکارهێنانیان دەبەن. ئەم شێوازانەش بریتین لە: تیرۆر و

ڕفاندن و کوشتن و تالآنکردن و پەکخستنی موڵکی گشتی و ڕاپەڕین و جەنگی ناوخۆیی و شۆڕش.

ئاشکرایە کە ڕادەی بوون و ئاستی سود وەرگرتنی هاولآتیان لەم شێوازە جیاوازانەی بەشداریکردنی سیاسی لە ولآتێك بۆ ولآتێکیتر و بەپێی چەشنی سیستەمی سیاسی باو لە هەر ولآتێکدا دەگۆڕێت. هەرچەندە شێوازە تەقلیدیە ڕاستەوخۆکان (هەڵبژاردن و خۆپالآوتن)، باوترین شێوازی بەشداریکردنی سیاسین و لە زۆربەی ولآتاندا کاریان پێدەکرێت ئەگەر بە ڕوکەشیش بێت، بەلآم ئەوەی تێبینی دەکرێت بەگشتی ڕادەی بەشداریکردنی سیاسی لە ڕێگای ئەم شێوازانەوە لە سەرجەم ولآتانی جیهاندا لەئاستێکی نزمدایە، بەڵکو لە ولآتە هەرە دیموکرسیەکاندا وەك: وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا و ئەڵمانیا، ڕێژەی ڕاستەقینەی دەنگدەران لە نزیکەی (٥٠٪) ی هاولآتیان تێناپەڕێت.



لەولآتە تازە پێگەیشتووەکانیشدا، بەگشتی ڕادەی سودمەندبونی هاولآتیان لە دەنگدان و خۆپالآوتن و گرتنەدەستی پۆستە سیاسی و کارگێڕییە باڵاکان، لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. هۆکارەکانی ئەم دۆخەش لەم ولآتانەدا، بەزۆری بریتین لە: شکستی بە دامەزراوەییکردنی پرۆسەی سیاسی و ناکارایی هەڵبژاردن لە گۆڕینی ڕاستەقینەی چینی فەرمانڕەواکان و تەدەخولی حکومەت لە پرۆسەکانی دەنگدان و سەپاندنی پاڵێوراوان و نەبوونی گرەنتیەکانی پێشبڕکێیەکی حیزبیانەی ڕاستەقینە و بێبەشکردنی ئۆپۆزسیۆن لە فرسەتی بەشداریکردن و کاندیدکردنی لایەنگرەکانی. ئەمە جگە لە هۆکارەکانی وەك باڵادەستی پێکهاتە تەقلیدیەکان (خێڵ و مەزهەب) و باڵادەستی بەها و داب و نەریتە کۆنەکان و کەمی وشیاری سیاسی و دورە پەرێزی لە سیاسەت.

هەرچەندە بەپێچەوانەی شێوازە تەقلیدیە ڕاستەوخۆکان، شێوازە ناڕاستەوخۆکانی بەشداریکردنی

سیاسی زیاتر سەرنجڕاکێشترن و دەکرێت هەم لە سیستەمە دیموکراسیەکان و هەم لە سیستەمە نادیموکراسیەکانیشدا ڕۆڵێکی بەرچاو ببەخشنە هاوڵاتیان، بەتایبەتی لای خوێدەواران و گروپە پیشەییەکان و گەنجان، وەك لە زیادبوونی ڕێکخراوە پیشەییەکان و دەرکەوتنی گەنجان لە چالاکیەکانی مانگرتن و خوپیشاندانەکاندا بەدیدەکرێ، بەڵام سودوەرگرتنی هاوڵاتیان لەم شێوازانەش هێشتا لە ئاستێکی نزمدایە. چونکە کاریگەری ئەم شێوازانە پەیوەستە بە چەندین هەل و مەرجەوە، وەك: ڕادەی سەربەخۆیی ڕێکخراوەکان و توانای مادییان و کەناڵەکانی گەیشتنی داواکانیان بە دەسەڵاتداران و ڕادەی بەدەنگەوەچونی حکومەت بۆ خواستەکانیان و سروشتی ئەو کۆت و بەندە یاساییانەی کە حکومەت بۆ چۆنێتی پیادەکردنیان داناوە و بوونی گرەنتیە یاساییەکانی



ئازادی پیادەکردنیان و ئاستی وشیاری کاری خۆبەخشی لەنێو هاوڵاتیاندا.

بەهەرحاڵ، گەر زۆربەی جار گۆڕینی دیدگای حکومەت لەڕێگای هەڵبژاردن و دەنگدانەوە کارێکی ئەستەم بێت، ئەوا کاری ڕێکخراوەیی و ڕادەربڕین و خۆپیشاندان، بەدیلی ڕاستەقینەی بەشداریکردنی سیاسین و لاوازبوونی متمانەی پیادەکردنیان و پشتگوێخستنی کاریگەرییان، سەردەکێشێت بۆ پەنابردنەبەر شێوازە ناتەقلیدیە نایاساییەکان و بەکارهێنانی توندوتیژی، کە لای هەندێك لە هێزە سیاسیەکان و کەمینەکان و گەنجان سەرنجڕاکیشن. گەلێك جاریش وەڵامدانەوی حکومەت بۆ توندوتیژی بە توندوتیژی، دەبێتە سەرچاوەی نائارامی ژیانی سیاسی، دەرئەنجامەکەشی گەر توندوتیژی زیاترنەبێ ئەوا کەمتەرخەمی و ملکەچی و بێدەنگبوون و دورەپەرێزی لە بەشداریکرنی سیاسی و کۆچکردن، چارەنوسێکی بەناچاری قبوڵکراو دەبێت.

## د ـ پاڵنەرەكانی بەشداریكردنی سیاسی:

بەشداریكردنی سیاسی هاوڵاتیان لە ژیانی سیاسیدا، تەنیا بەند نیە بە بوونی شێواز و گرەنتیە دەستوری و یاساییەكان و بوونی قەوارە سیاسی و مەدەنیەكانی وەك: هەڵبژاردن، پەرلەمان، پارت و ڕێكخراوەكان...هتد. بەڵكو هەندێك كات لەگەڵ بوونی هەموو ئەمانەشدا، هێشتا دورەپەرێزی لەچاو بەشداریكردنی سیاسی كارادا باوترە. هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوون و نەبونی ئەو پاڵنەرانەی كە دەكرێت هانی هاوڵاتیان بدەن بۆ بەشداریكردن، گرنگترین ئەو پاڵنەرانەش بریتین، لە:

١) **پاڵنەرە كەلتووریەكان**: كە بریتیە لەو بەهاو داب و نەریت و بیروباوەڕانەی كەلتوری سیاسی بەشداریكردن پێك دەهێنن، بەتایبەتیش بەهاكانی لێكبوردن و یەكدی قبوڵكردن و نەریتی خۆبەخشین و ڕاگۆڕینەوە و



هەستكردن بەبەرپرسیاری، كە دەكرێت وشیارییەكی سیاسی لای هاوڵاتیان سەبارەت بە گرنگی بەشداریكردنی سیاسی و ڕۆڵیان لە ژیانی سیاسیدا بخولقێنێ. بەمەش زیاتر ئامادەیی بەشداریكردنی سیاسی و پشت بەخۆبەستنیان لە گۆڕینی چارەنوسیان و هێنانەدی خواستەكانیان لەلا دروستبكات. لەم چوارچێوەیەشدا، هەریەك لە خێزان و خوێندنگە و هۆكارەكانی ڕاگەیاندن و هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن و كۆڕوكۆبونەوە گشتی و جەماوەریەكان، ڕۆڵێكی كاریگەر لە بڵاوكردنەوەی وشیاری سیاسی و پەروەردەكردنی سیاسی بە پاڵنەرە كلتوریەكاندا دەبینن.

بەلاّم بەگشتی كاریگەری پاڵنەرە كەلتوریەكانی بەشداریكردنی سیاسی، بەندە بە كاریگەری چەندین هۆكاریتر، وەك: پێگەی چینایەتی، شوێنی نیشتەجێبوون (شار و لادێ)، لایەنگری سیاسی و حیزبی. ئەمە جگە

لەوەی کە لایەنی دەرونی و کەسێتی هاوڵاتی کاریگەری هەیە لەسەر وەرگرتنی پاڵنەرە کەلتوریەکان، بۆیە دەبینین کەسێتی کارا زیاتر لە کەسێتی ناکارا پێشوازی لە پاڵنەرە کەلتوریەکان دەکات و وشیاریەکی تەندروستتری لەسەر بەشداریکردنی سیاسی لەلا گەڵاڵە دەبێت. هاوکات ئاستی بەشداریکردنی سیاسی لەگەڵ زیادبوونی ئاستی خوێندندا فراوانتر دەبێت. کەسی خوێندەوار زیاتر وشیارە بە کێشە و کاروبارە سیاسیەکان و زیاتریش هەست بە توانا و بەرپرسیاری و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی دەکات لە دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکان و بەشداریکردنی لە گەڵاڵەکردنی ڕای گشتیدا. بەڵام نەخوێندەواری ترسناکترین ئاستەنگی بەشداریکردنی سیاسیە.



٢) **پاڵنەرە ئابووریەکان**: ئەوەی توێژەران تێبینیان کردووە ئەوەیە، ئەو کەسانەی سەربە چینی ناوەندن زیاتر لە چینەکانی خوارەوە بەشداری سیاسی دەکەن، ئەمەش هەم لەبەر ئەوەی کە چینی ناوەند زیاتر هەلی خوێندن و وشیاربوونەوەیان هەیە و زیاتریش باوەڕیان بە گاریگەری ڕۆڵیان لە ژیانی سیاسیدا هەیە. هەر بۆیە ئەو هاوڵاتیانەی سەر بە چینی ناوەندن زیاتر لە پۆستە کارگێڕیەکان و کاری ڕێکخراوەییدا دەردەکەون. بەگشتی کاریگەری پێگەی چینایەتی لەسەر بەشداریکردنی سیاسی بەندە بە ڕادەی تەدەخولکردنی دەوڵەت لە ئازادیە ئابوریەکان و بڕی مەترسی درستکردن لە سەر بەرژەوەندیەکان و ڕادەی پێویستی پارێزگاریکردنیان.

هاوکات زیادبوونی داهاتی تاکەکەس پەیوەندیەکی ئیجابی هەیە لەگەڵ زیادبوونی بەشداریکردنی سیاسیدا، ئەو کەسانەی داهاتێکی مامناوەندیان هەیە زیاتر لەو

کەسانەی کە داهاتێکی نزمیان هەیە بەشداری دەکەن. لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێت بێکاری هۆکارێکی کاریگەری پەنابردنەبەر شێوازە نائاساییەکانی بەشداریکردنی سیاسی بێت.

هەروەها پێویستە ئاماژە بۆ کاریگەری پیشە و پێگەی کار لەسەر رێژەی بەشداریکردنی سیاسی هاولآتیانیش بکرێ. ئەو کەسانەی خاوەنی پێگەیەکی پیشەیی بالآن زیاتر لە خاوەن پیشە ئاساییەکان بەشداری دەکەن. خاوەن کار و ئەو کەسانەی پیشەکانیان ئازادە باشتر بەشداری سیاسەت دەکەن. کرێکاران کەمتر ئارەزووی بەشداری سیاسی دەکەن و جوتیارانیش لە چاو چین و توێژەکانیتردا کەمترین رێژەی بەشداریکردنی سیاسیان هەیە. ئاشکرایشە کە کاریگەری پیشە بەندە بە پێویستی دەوڵەت بە لێهاتوویی خاوەن پیشەکان و پێگەیان لە ئابوری ولآتدا.



٣) **پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکان**: بەگشتی (شوێنی نیشتەجێبوون) هۆکارێکی کاریگەرە لەسەر بەشداریکردنی سیاسی هاولآتیان، ئەوانەی لە شارەکان نیشتەجێن زیاتر لە گوندنشینەکان بەشداریدەکەن، ئەمەش هەم لەبەرئەوەی کە زۆربەی شێوازەکانی بەشداریکردن لەشاردان، وەك: پارتەکان، رێکخراوەکان، رۆژنامەکان، خۆپیشاندانەکان...هتد. هەم لەبەرئەوەش کە پێگەیاندنی سیاسی لە گوندەکاندا زیاتر لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو بەها و داب و نەریتە سلبیانەدایە کە رێگری لە بەشداریکردنی سیاسی دەکەن.

بەلآم سەبارەت بە مەسەلەی (جۆری توخم و رەگەز)، ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە ولآتە تازە پێگەیشتووەکاندا ژنان بەگشتی کەمتر ئارەزووی بەشداریکردنی سیاسی دەکەن وەك لە پیاوان. زۆربەی کات ژن وەك ئامرازێکی ناومالّ پەروەردە دەکرێت، نەك وەك کاراکتەرێکی

سیاسی. هەندێك جاریش ئەم دۆخە بەندە بە تێڕوانینی ژنان بۆ بەشداریکردنی سیاسی، کە لەو باوەڕەدان کاروباری سیاسی و بەشداریکردن تیایدا، چالاکیەکی پیاوانەیە و تەنیا پیاوان سیاسەت دەکەن. ئەمە جگەلەوەی کە ژنانی خێزاندار زۆربەی جار لە هەڵویستی سیاسیاندا دەبنە پاشکۆی مێردەکانیان چ لە دەنگدان و چ لە لایەنگری حیزبیشدا.

هەر لە چوارچێوەی پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکاندا، بەشداریکردنی سیاسی کاریگەرە بە هۆکاری (تەمەن). بەگشتی ئاستی بەشداریکردنی سیاسی لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا ڕو لە زیادبوون دەکات تا تەمەنی چل و پەنجا ساڵی، لە دوای شەست ساڵیش بەرەو کەمبوون دەڕوات.



٤) **پاڵنەرە سیاسیەکان**: مەبەست لە پاڵنەرە سیاسیەکان بریتیە لە بوون و نەبوونی کڵێشە دەستوری و دامەزراوەییەکانی وەك: ئەنجومەنە نیشتمانی و ناوچەییەکان و ڕێکخراوە میللی و ناحکومیەکان و پارتە سیاسیەکان و میدیا و ئاستی کاراییشیان لە ژیانی سیاسیدا. هەروەها بریتیە لە تێڕوانینی حکومەت خۆی بۆ ڕۆڵی هاوڵاتیان لە دروستکردنی بڕیارەکان و جێبەجێکردنیاندا. لەڕاستیشدا، ئەو بەشداریکردنە سیاسیەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوادا هەیە، تاڕادەیەکی زۆر بەندە بەو چوارچێوە سیاسی و دەستوری و مەدەنیە گونجاوەی لەم وڵاتانەدا هەیە، وەك: دەستور، هەڵبژاردنی دەوری، پەرلەمان، دامەزراوە ناوچەییە هەڵبژێردراوەکان، فرەحیزبی، گروپەکانی فشار، ئازادی ڕۆژنامەگەری.

لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەوەی لە وڵاتانی جیهانی سێدا پێی دەوترێت (قەیرانی بەشداریکردنی سیاسی)، یەکێك

لە ڕەهەندەکانی بریتیە لەو کەم و کوڕی و ناتەندروستیەی کە لە بونیادی سیاسی و دەستوری ئەم ولاتانەدا هەیە. هەندێك لەم ولاٌتانە دەستوری هەر نیە، خۆگەر دەستورێکی ڕاگەیەنراویش هەبێ، ئەوا لە ئاستی کرداریدا کار بە بنەما و دەقەکانی ناکرێت. دەساودەسکردنی دەسەلاٌت کەم جار لە ڕێگای هەلٌبژاردن و دەنگدانەوە ئەنجام ئەدرێت، زۆربەی کات توندوتیژی چارەنووسی فەرمانڕەواکان دەستنیشان دەکات، دەسەلاٌت بە کودەتا و میرات وەردەگیرێت. لەهەندێ ولاٌتدا پەرلەمان بوونی نیە نە بە هەلٌبژاردن و نەبە دامەزراندن، خۆگەر هەشبێ دامەزراوەیەکی لاوەکی و ناکارایە و کەم جار ڕۆلٌی خۆی لە یاسادانان و چاودێریدا دەبینێ. کارکردن بە سیستەمی حیزبی یان نیە یان گەر هەشبێ دیاردەیەکی زێدە تازە و شێواوە، بالاٌدەستی تاك حزبی و بەشکردنی کایە و ئیمتیاز و پۆستەکان لە نێوان حیزبەگەورەکان دیاردەیەکی زۆر بلاٌوە. لە هەندێ ولاٌتدا



لەوانەیە بەڕوکەش شتێك هەبێ بەناوی فرە حیزبی، بەلاٌم زۆربەی کات لە ئاستی کرداریدا، کاری حیزبی بە چەندین کۆت و بەندی یاسایی سنورردارکراوە. هەرچی کاری ڕێکخراوەیی و مەدەنیشە، ئەوا یان نیە یان گەر هەشبێ لەوپەڕی ناکارایی و لاوازیدایە، ئەمەش هەم بە هۆی وابەستەبوونیان بە حکومەت و پارتە بالاٌدەستەکانەوەیە، هەم بەهۆی ناوشیاری ڕێکخراوەکان خۆشیان بە کاری مەدەنی و نەڕسکانی بەرژەوەندیە کەرتیەکانیان. ئەمە جگە لەوەی ئازادی ڕادەربڕین بە چەندین کۆت و بەند و مەترسی گەمارۆدراوە و سانسۆرێکی بەهێزیش لە سەر میدیاکان هەیە.

لەبەر هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە لە ولاٌتە تازە پێگەیشتووەکاندا، پالٌنەرە سیاسیەکانی بەشداریکردنی سیاسی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. خۆگەر ئەم بارودۆخە، بەڕای (ساموئیل هانتیگتۆن)، ئەگەر لەپالٌیدا

گۆڕانکارییەکی کەلتوری و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرچاو هەبێ، ئەوا زۆربەی کات دەبێتە هۆکاری نائارامیەکی سیاسی گەورە، لەبەرئەوەی ئەم گۆڕانکاریانە دەبنە هۆکاری دەرکەوتنی چەندین توێژی کۆمەڵایەتی نوێ کە بۆ دابینکردنی پێداویستیە تازەکانیان داوای بەشداریکردن دەکەن، بەتایبەتیش نەوە نوێیەکان، بەڵام لەبەرنەبوونی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی دەستوری و بونیادێکی سیاسی گونجاو، ناچارن ڕوو لە بەکارهێنانی توندو تیژی و شێوازە نایاساییەکانی بەشداریکردنی سیاسی بکەن.

بەهەرحاڵ، وەك دەبینین پاڵنەرەکانی بەشداریکردنی سیاسی زۆر و جۆراوجۆرن. بەڵام پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە لەبەرامبەر هەر پاڵنەرێکدا، چەندین ڕێگرو ئاستەنگی کەلتوری و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیش، هەیە. بۆیە هەر کەم و کوڕییەك لە پاڵنەرەکاندا، دەبێتە



خاڵێکی بەهێزبوونی ئاستەنگەکانی بەشداریکردنی سیاسی و چارەسەرکردنیشی زیاتر ئەستەم و پڕ کێشەتر دەکات.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بوونی بەشداریکردنێکی سیاسی ڕاستەقینە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە هەم لەسەر کەسێتی هاوڵاتیان و هەم لە سەر سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەتیش. لەسەر ئاستی کەسێتی هاوڵاتیان، بەشداریکردن هەستکردن بە ڕێزگرتنی کەرامەت و نرخ و کاریگەری لە ژیانی سیاسیدا لەلای هاوڵاتیان زیاد دەکات و برەو بە وشیاری سیاسیان ئەداو یارمەتی ڕسکانی هاوسۆزی نیشتمانی ئەدا و هەلی بوون بە هاوڵاتیەکی باشو پابەند دەخولقێنێ، هاوکات هاوڵاتی و دەسەڵاتیش لەئەرك و بەرپرسیاریەکانیان ئاگادار دەکاتەوە. بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەت و بڕیارە حکومیەکان، بەشداریکردن دەبێتە هۆکاری زیاتر بە

دەنگەوەچوونی حکومەت بۆ داواکاریەکانی هاولآتیان و دابەشکردنی زیاتر دادپەروەرانەی سەروەت و سامانە گشتیەکان و سودمەندبوونی زۆرترین ژمارەی هاولآتیان لە سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەت.

هەرلەبەر ئەم کاریگەریە ئیجابیانەشە، زۆرێك لە توێژەران، وەك چارەسەرێك بۆ گرفتە سیاسی و ئابوریە سەرەکیەکانی ولآتە تازە پێگەیشتوەکان، ئاماژە بۆ چەمکی (دیموکراسی بەشداریکردن – Participatory Democracy) دەکەن، بەو واتایەی: "بڕیارە سیاسیەکان بەرهەمی بەشداری ڕاستەقینەی زۆرینەی هاولآتیان بن، نەك دەربڕی ئیرادەی کەمینەیەکی سیاسیو ئابوری بالآدەست".



## سەرچاوەکان


د. اسماعيل علي سعد، علم السياسة - دراسة نظرية وميدانية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، الطبعة الاولى، ١٩٨٩.

١. د. ثامر كامل محمد الخزرجي، النظم السياسية الحديثة والسياسات العامة - دراسة معاصرة في إستراتيجية إدارة السلطة، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان- الأردن، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦.

٢. جابرييل إيه. ألموند و جي. بنجهام باويل الابن، السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر- نظرة عالمية، ترجمة: هشام عبدالله، مراجعة: سمير نصار، الطبعة الأولى، الدار الأهلية للنشر والتوزيع، عمان - الأردن، ١٩٩٨.

٣. د. جلال عبدالله معوض، أزمة المشاركة السياسية في الوطن العربي، في: الديمقراطية وحقوق الانسان في الوطن العربي، مجموعة باحثين، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت - لبنان، الطبعة الأولى، ١٩٨٣.

٤. حسن علوان البيج، الديموقراطية و إشكالية التعاقب على السلطة، مجلة المستقبل العربى، مركز درسات الوحدة العربية، بيروت - لبنان، السنة/ ٢١، العدد/٢٣٦، تشرين الأول/١٩٩٨.

٥. د. السيد عليوة ، منى محمود، المشاركة السياسية، سلسلة موسوعة الشباب السياسية، مركز الأهرام للدراسات السياسية و الإستراتيجية - مؤسسة الأهرام، القاهرة - مصر، ٢٠٠٨.

٦. د.شعبان الطاهر الأسود، علم الاجتماع السياسي، الدارالمصرية اللبنانية، القاهرة، الطبعة الثانية، ٢٠٠١.





٧. صاموئيل هانتغتون، النظام السياسي لمجتمعات متغيرة، ترجمة: سمية فلو عبود، دار الساقي، الطبعة الاول، ١٩٩٣.

٨. د. طاهر حسو مير الزيباري، دور المرأة الكردية في المشاركة السياسية - دراسة ميدانية إجتماعية في مدينة الأربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦.

٩. د. عبدالهادى الجواهيرى، اصول علم الاجتماع السياسى، دار الطليعة، أسيوط - ليبيا، الطبعة الأولى، ١٩٩٦.

١٠. على خليفة الكوارى، مفهوم المواطنة فى الدولة الديموقراطية، في: المواطنة والديموقراطية في البلدان العربية، بشير نافع والآخرين، مركز درسات الوحدة العربية، بيروت - لبنان، الطبعة الثانية، ٢٠٠٤.

١١. د. عصام سليمان، مدخل الى علم السياسة، دار النضال، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٨٩.

١٢. فيليب برو، علم الاجتماع السياسي، ترجمة: محمد صاصيلا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٨.
١٣. د.كمال المنوفى، أصول النظم السياسية المقارنة، شركة الربيعان للنشر والتوزيع، الكويت، الطبعة الاولى، ١٩٨٧.
١٤. د. محمد محمد عمارة، العلوم السياسية بين الأقلمة والعولمة، دار الطباعة الحرة – الأسكندرية، ط ٢، ٢٠٠٦.

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ز. بڵاوکراوەکان | ز. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | نووسینی: عەبدولڕەحمان مونیف و. عوسمان حەسەن | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | شاکر | |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان - سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جيهـــانگيری ، فاكتـــەرو گرفتەكانی ديموكراسی | مەلا بەختيار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەيدابوونی عەلمانيەت | فريد اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئيسلامو مۆديرنـە، ئيسلام لەبـــەردەم ئەگـــەری عەلمانيەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سياســـەتی رووخســـاری نەتەوەيی كەركوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەكوردستانی عيراق | ن. مايكڵ ليزنبێرگ<br>و. كارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسيۆن لەچەمكەوە بۆ ئەرك | بـــەختيار جـــەبار شاوەيس | ٢٠١١ |

## لەبڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني - مواقف و آراء | صلاح برواری | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی بەرنامەی (ی. ن. ک) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەک گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانییەت و ئایین، عەقڵ و | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | | |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاين و مۆدێرنه<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەكیان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی | رێبین حەسەن | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانییەت لەتورکیای عوسمانییدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانییەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن ساکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | كورتە باسێکی | ن. دەیڤد میلەر | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | فەلسەفەی سیاسی | و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | و. کارزان محەمەد | |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرک، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەار شاوەیس | ٢٠١١ |